# هەنسکێک

سارا عومەر، دانیمارک
ئازاری 2007
Xozga86@hotmail.com

باوکێک جەستەی بۆتە خۆڵەمێش
بەدەم  ماچکردنی خاکەوە
ڕۆحی ئەبێتە چۆلەکەیەک و
بەزەویدا پەخشئەبێتەوە

دایکێک لەگیانەڵادایە
کۆرپەلەیەک لە باوەشیا
لە برسا ئەکرۆزێتەوە
لە چاوەڕوانی سەرنانەوەیەکدا
لە باخچەی سینەی دایکیدا
لەگەڵ هەنسکێکدا
زوڵم و تاوان هەڵئەمژێتەوە!

خاڵێک لە ماچی ماڵئاوایدا
دەمی لە تەپوتۆزی کیمیایدا تووەوەتەوە
خاڵۆژنێک دووگیانە
بەدەم ژانی مناڵبوونەوە
دەستی درێژ ئەکات بەرە و ڕوناکی و
چنگێک خۆڵ ئەیشارێتەوە

مامێک لە سەرەمەرگ دایە

ئامۆژنێک پێستی زەرد هەڵگەڕاوە
جەستەی ئاوسا و
سینەی بە گڕ داپۆشراوە
دەستی سپێدەی لاوازی
لەسەر کۆرپەی
جوانەمەرگی خۆی داناوە

باپیرەیەک، لە دوا ساتەکانی مەرگدا
بەدەم یا الڵە و شایەتمانەوە
گیانی دەرئەچێت

داپیرەیەک تەزبیحات و سڵاواتییەتی
دەگەڵ بینینی مەرگی نەوەکانی
ئەیەوێت لە یەزدان بپاڕێتەوە
دەنگی نابیسترێ و
ڕۆحی دەرئەچێتەوە

کوڕێک
بەدیار چرا و
نوسینی دوا نامەی ئەوینەوە
ڕۆحی لە مێژووی مەرگدا تۆمار ئەبێ

کچێک
بەدەم ڕێکردنەوە بۆ جێژووان
لە جانتایەکی سوری بچوکدا
ئاوێنە و سوراوە سورەکەی دەرئەهێنێ
لە باتی خۆی وێنەی مەرگ ئەبینێ

بۆنی کیمیایی و
سوتانی جەستەی یارەکەی

ئەیشێوێنێ
ئەیتۆرێنێ
ئەیگرێنێ
ئەیسوتێنێ
ئەیمرێنێ!

دراوسێیەک داوای گەردن ئازایی ئەکات
وشەکان ناگەن و ڕۆحی بەخاک ئەسپێرێت

سەمونفرۆشێک
لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەیاندا
ئەیەوێ هاوار بکات (سەمون) و
وشەکانی وەک؛
(نیشتمان
وێران و
کاول
ئەکرێێێێێێ
کوردستان ئەبێتە قوربانی و
لەباتی قازانج
سەری خۆم و سەمونەکەمی
لە ڕێ دائەنێمممممم)
لەدەمی یەتە دەرێ و
ڕۆحی بەمەرگ ئەسپێرێ!

کۆترێک لە گەرمیانەوە
بە نامەیەکی عەشقەوە
وەک پەڕێک لە شینایییەوە
بەر ئەبێتەوە

تەیر حوبێک بەدەم ماچی حەبیبەوە
هەناسەکانی مەرگ ئەچنێتەوە

چۆلەکەیەک بۆ خۆشاردنەوە
لە ئاسمانی بەریندا
کوچەیەک ئەدۆزێتەوە
ئەبێتە قوربانی دوژمن و
بێدەنگی خوێنی ئەمژێتەوە

کەوەکان لە قاسپە قاسپ کەوتوون
جادەکان
تەپوتۆز و
لاشە و
مەرگ دایپۆشیون

کانیاوەکان
تامی مەرگ ئەیەن
بۆنی مەرگیان لێدێت
ڕەنگی مەرگیان لێنیشتووە!

جادە خوار و خێچەکانی نیشتمانیش
لە لاشەی شەهید
مەرگی ئەوین
عاشقی سوتاودا
غەرق بووە!

ساڵانێکە فیلمەکان شەرم ئەکەن
چیرۆکەکان پڕ پڕن لە بۆشایی

مێژوو نامانووسێتەوە
وێنەکان ڕەنگی شەرمەزاری ئەپۆشن
شاعیرەکان
تەنها لە باخی وشک و
گوڵی بێبۆندا شیعر ئەچننەوە

منیش وەک سەرەتایەکی بێکۆتایی
بەدەم وێنەکردنی ڕابردوو و
بژاردنی مەرگی ڕۆڵە و
فرمێسک سڕینی شیعرەوە
لە کێڵگەکانی غەدردا
هەناسەی گریان هەڵئەمژمەوە!